# ئایا عەرەبی عێراق. . . ئەوەیان دەوێت ؟؟

سیروا ن بابان_ئەڵمانیا
baban5@msn. com

لەمێژە دەبیستین کە *کورد و عەرەب بران* بەڵام بەبێ ئەوەی تائێستا کەسێك ئەم برایەتییەی سەلماندبێت، راستە بەهۆی جوگرافیای نالەبارەوە یان بەو پێیەی کە هەردوولا موسوڵمانن چەند خاڵێکی هاوبەش لە نێواندا درووست بووە بەڵام ئەمانە نابنە هۆی بە برا بوون . ئەمە نەك من نامەوێت بەڵکو هیچ لۆژیکێك قبوڵی ناکات چونکە برایەتی مەرجی خۆی هەیە کەگشت لایەك دەیزانن و لێرەدابواری باسکرد نیشی نیە . خۆ ئەگەر ئەو دوو خاڵە بەس بێت بۆ برایەتی ئەوا چۆن منێکی کورد دەکەنە برای کابرایەکی عەرەبی یەمەنی یان سـعودیی کەهیچ سنورێك پێکمانەوە نابەستێت، هەر بە هەمان شێوە هاوولا تیەکی باکوری کوردوستان کە ڕەنگە لەژیانیدا هاورێیەتی عەرەبستان نشینێکی نەکردبێت چۆن دەبێتە برای عەرەبێکی عێراقی، وە هەروەها بە پێچەوانە وە . . . . . . . . خۆ ئەگەر باس لەدین بکرێت ئەوا لەناو هەردوو میللەتدا چەندین دین و مەزهەبی جیا جیا هەن، ئەی برا یەتی ئەوان چۆن دەبێت . . ؟

خۆ ئەگەر ئەو *برایە تۆلکە یە* * تەنها بە چوار چێوەی عێراقەوە ببە سترێت ئەوا هەر ناگونجێت چونکە هەتا ئەم ساتەش جگە لە کۆنە درووشمە درۆکانی بەعسی رووخاو نەبێت کەلەکاتی تەنگانەدا باسی لەبرایەتی کوردوعەرەب دەکرد کەبۆ شاردنەوەی تاوانەکانی دەهۆڵی لەو بابەتەی دەکوتا هیچی تر لە ئارا دانیە، وە برایەتی بە ڕۆژ و دوو ڕۆژ یش دروست نابێت . . . بەگشتی میللەتی کورد میللەتێکی ئاشتی خوازەو چەندین ساڵە بۆ ڕزگاری گەل و نیشتمانەکەی خەبات دەکات وە هەرکاتێکیش خاوەن دەسەلات بوویێت ئەوا بەو پەڕی لێبووردەیی و ڕێزەوە مامەڵەی لەگەڵ نەتەوەکانی دی کردوە .

جابۆیە جێی خۆیەتی کە ئێستا پپرسین ئایا ئەبێت ئێمەی کورد هەموو کاتێك ببینە قوربانی جوگرافیا و دین و سروشت و چەندین خاڵی تری وەك دڵسافیی و لێبووردەیی و هەست ناسکیمان لە ڕاگرتنی هەستی بەرامبەر لە هە ر رووشاندنێکی بەئاگا و بێئاگا . . و و. . . . هتد ؟؟ ئاخر ئاشکرایە کە ئێستا سەرکردایەتی کورد پابەندیی خۆی بەیەك پارچەیی خاکی عێراقەوە دوو پــات دەکاتەوە چەند خاڵێکی گرنگ و سیاسی لە پشتەوەیە ئەمە لەلایەك . لەلایەکی ترەوە بۆ ڕاگرتنی هەستی ناسکی ئەو عەرەبە *برایانە* یە کە لەو عێراقە دا دەژین. بەدەر لەوەی کە بەرپرسانی کورد لەبەر هەرهۆیەك بێت ریفراندۆمێکیان لە کوردوستان دا ئەنجام نەدا تاکو بزانرێت ئایا میللەت خوازیاری چیە لەم وولاتە دا . . . . . .

بەڵام لەگەڵ هەڵکەوتنی هەلێکی تری مێژوویی و لەپاش نەمانی ڕژێمی بەعس ئەکرێت ئەم جارە لەو عەرەبانە بپرسین کەخەریکن خۆمان دەکەینە برایان . . ئایا ئەوان ئەم برایەتیمان قبوڵ دەکەن ؟

ئایا پێیان باشە کوردو عەرەب وەك برا لەسەر یەك خاك بژین یاخوود خوازیارن وەك هاووسێیەکی ئاشتی خواز سەردانی یەکتری بکەن ؟

دڵنیام ئەگەر عەرەب لەجێی میللەتی کورد بوایە ئەوا لەمێژ بوو لەرێگەی دەزگای ڕاگەیاندنە عەرەبیەکانەوە ئەم کارەیان ئەنجام دابوو. . جا ئێمە کە نەتوانین یان نەمانەوێت ئەم پرسە لە خۆمان بکەین . . . . . . . . . با ڕاپرسیەك بەو برا یانەی پاشەڕۆژ مان بکەین چونکە وەڵامیان هەر چۆن بێت جگە لەوەی کە پرۆسەیەکی دیموکراسیە لە ئەمرۆی عێراقدا ئەوا لە کەلێنێکی ترەوە ڕێخۆشکەر دەبێت بۆ هەمان پرۆسە لە کوردستاندا . . . . .

هەموو شــمان دەزانـین کـە پرسیار کردن هیچی تێناچێت، ئەمە لەکاتێکا کـە کامێراکانی هەردوو کەناڵە ئاسمانیەکەمان بە ئاسمانــی پایــتــەختی عێراقــەوە شەقەی باڵیان دێت و چەندین بەرنامەی سەرنج ڕاکێش لەو دەڤە رەوە پێشکەشی بینەرانیان دەکەن، بەڵکو ئەم کارەشمان بۆ بخەنە ئـەجەندە ی کارەکانیانەوە . . . . . . . . نەوەك بەخۆمان نەزانین کەناڵێکی عەرەبی ئەم کارە ئەنجام بدات . . . ! ! !

ئەوسا کێ دەزانێت ئاکامەکەی چۆن دەبێت. . ؟

03 .06 .14

تۆرنبێرگ

* لەسەر کێشی تەپۆلکە دا مڕشتووە.

**تێبینی کوردستان نێت:**

**ئەم تووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.**